# ووشیاری دیموکراسی لەنێوان دەسەڵات وناڕەزایەتیەکانی خەڵك

فەرەیدون حەمەڕەشید سویسرا
13.08.06

ماوەیەکەناڕەزایەتی دەڕبڕین لەتەواوی کوردستان بۆتەنەریتێکی بەردەوام بۆداخوازیەکان،جەماوەری خەڵکی کوردستان بەودەلیلەی بەدەورانی خەباتی ئازادیخوازیداگوزەریان کردووە،بۆ بەگژچوونەوەی دیکتاتۆری بەماڵ یان بەسەر قوربانیان داوە،تێکۆشانیان بۆئەوەبووەدیموکراسی جیگەی دیکتاتۆری بگرێتەوە،کەواتە مافی ڕەوای خۆیانە بەهەمووجۆرێك لەجۆرەکانی خەباتی دیموکراسی لەکۆڕوکۆبوونەوەوتامانگرتن و خۆپیشاندان وناڕەزایەتی دەربڕین ممارەسەبکەن،لەساناترین پێویستیەکانیش دا سەرەڕای ڕەهەندەدووروسیاسییەکانی ئەوقەیرانانەی ئەمڕۆلەگەڵ خەڵکی کوردستان ڕووبەڕووە،مافی خۆیانەداوای خەم خواردنی بەپەلەی سووتەمەنی لەدەسەڵات بکەن،مافی خۆیانە داوالەدەسەڵات بکەن لەخەمی کێشەکانی ووزەی کاربا دەستوبردوپەلەبکات،مافی سەرەتایی خۆیانە داوای شوێنی نیشتەجێکردن لەدەسەڵات بکەن،ئەرکی خۆیانە دژی گەندەڵی خۆیان ڕێکخراوبکەن تادیاردەگەندەڵیەکان وکەسەگەندەڵەکان ڕیشەکێش بکەن،هەموئەمانەوزۆرداخوازی تر بەشێکن لەمافە سەرەتاییەکانی کۆمەڵگا و ئەرکێکیشەلەئەرکەهەرەلەپێشەکانی دەسەڵات لەبەرمبەرمافی هاووڵاتیبووندا،هەرکەسێکیش کەمێك لاری وخۆبوێری کردن لەوماف وداخوازیانەی خەڵك بکات ئەوەبێگومان ماناى ڕووخانی پردی متمانەیە لەنێوان جەماوەری خەڵك ودەسەلاتی سیاسی

بەلام لەهەمووئەوناڕەزایەتییانەی ماوەی ساڵێکەدووبارەدەبێتەوەوجیگەی داخێکی گەوورەیەکەهەمیشەکۆتایی ناڕەزایە تییەکان بەتووندووتیژی وپێکادان وهەواڵی ناخۆش کۆتایی دێت،بەبریندارپوونی خەڵکانێك ،بەگیان لەدەستدانی خۆپیشاندەران بێت یان پۆلیس و هێزەکانی ناوخۆ کەهەردوولا ڕۆڵەی بەشمەینەت وخێرلەخۆنەدیوی ئەوگەلەن،لەڕووداواکانی ڕابردوودا بەهەمووڵایەك ڕووناکبیران ڕۆژنامەنووسان نووسەران و تەواوی کۆمەڵگا هەوڵەکان لەسەرزەنشت ولۆمەکردنی دەسەلات لەدیاردەودووبارەبوونەوەی تەقەکردن چڕکرابووەوە .بەلام لەتەك ئەورەخنەوقسانەشمان دەبێت ئەمڕۆقسەیەك بکەین بۆووشیاری جەماوەری خەڵك لەخۆپیشاندان وناڕەزایەتیکردن کەچی ترناڕەزاییەتیەبەرهەقەکانی خەڵك بەومەرگەسات وقێزەوەنییەوە جارێکی دی خۆی نمایش نەکاتەوە، ئەمەبەمانایی ئەوەنا پشتگیریکردن لەدەسەلات وپشتکردنەجەماوەری خەڵك بێت بەڵکووبۆبەسەرکەووتن گەیاندنی داخوازییەکان وپەیامەکانی ناڕەزاییەتیەکانە،چوونکەلەکۆی ناڕەزایەتییەکانی یەك ساڵی ڕابردووجگەلەدوور کەووتنەوەی زیاتروتووندوتیژی چیدی دەستکەوتی پۆزەتیفی بۆبەرهەم نەهێناوین،بەڵکووتووندوتیژییەکان بەهانەی ئەوەی دا بەدەست دەسەڵاتەوە کەبەتەقەوەلام بداتەوە،چونکەلەکاتێکداخۆپیشاندەران دەبینرێت دێنەسەرجادە پەیام ودرووشمەکانیان وادەڵێنەوە کەبۆداوای داخوازی لەدەسەڵات هاتوونەتەمەیدان وسەرشەقامەکان نەك بۆڕووخانی دەسەڵات وئاڵووگۆڕی سیاسی ئیدی چ ووشیارییەکی تێدایەپەلاماری شوێنەگشتییەکان بدرێت،تابلۆکانی ڕێگاوبان بشکێنرێت، شەڕەبەرد درووستبکرێت، ئەمەبەمانایی ئەوەنا کەپاکانەبۆدەسەلات بکرێت وئیترخۆپیشاندان نەکرێت بەڵکووتاژیان هەبێت تائازادی ڕادەربڕین وقوڵبوونەوەی گیانی دیموکراسی لەبرەودابێت، تاجیاوازی وناعەدالەتییەکان هەستی پێبکرێت،تاداخوزییەنەبڕاوەکانی مرۆڤایەتی هەبێت، ناڕەزایەتبوون و ڕەخنەگرتن لەدەسەڵات لەهەمووکات وساتێك بۆهەرپێداویستی وداخوازییەك دەبێت بوونی خۆی لەدەست نەدات،بەلام چۆن ناڕەزایەتییەك؟ ئۆکرانیەکان لەگەڵ ڕووخانی بلۆکی ڕۆژهەڵات وچەندان مانگێك پێش مێژووی ڕاپەڕینەکەی ئازاری 1991 ی خەڵکی کوردستان بەئەبجەدیاتی دیموکراسی ڕۆژئاوایی ئاشنابوون بەلام لەململانێکانی هەڵبژاردن وقەیرانەکانی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی کۆتایی ساڵی 2004دا چەندان ڕۆژ بۆیەکلایکردنەوەی ئەوقەیرانە لەبەربارنداچەندان شەوبەدروشم وئالای ئۆکرانیاوەبەسروودی نیشتمانی ناڕەزاییەتیەکانیان درێژەپێداکە لەمیدیایی جیهانییەوەبەشۆڕشی پرتەقاڵی دەنگی دایەوە،لەکاتێکداخەڵکی کوردستان ودەسەلات لەمێژووی پیاهەڵدان بەدیموکراسیبوونی ڕۆژئاوایی لەگەڵ ئۆکرین دا لەمێژوویەکی نزیکداین بەیەك، بەلام بەداخەوە نەدەسەڵات وەکوو پێویست بەمانایی قوڵایی وجەوهەری دیموکراسی خۆی ئامادەوتەیارکردووە نەجەماوەریش لەبەرامبەر ناڕەزاییەتیەکاندا سەرەڕایی بەرهەقی پێویستی وداوارەواکانیان درکی ووشیاری ناڕەزایەتیکردن دەکەن وشوینەگشتیەکان ودەستکەوتەسیاسیەکان بەهی خۆیان دەزانن نەهەستیاری گۆڕینی ناڕەزایەتیەکان بۆپشێویەکی

کۆنترۆڵ نەکراولەبەرچاودەگرن،لەکاتێکدابەئاشکراوبەڕاگەیاندن شەڕێکی ڕانەگەیاندراوی ئیقڵیمی لەبەرامبەر هەموودەستکەوتەکانی خەڵکی کوردستان لەمانۆڕدایە، بۆیەجەماوەری خەڵك مافی نەگۆڕی خۆیانە لەهەرکات وساتێکدا بیانەوێت بێ توندووتیژی بەسروودەشۆڕشگێڕیەکان بەمارشی گەورە بەئالای کوردستانەوەمل بەدەسەلات بۆداوا بەرهەقەکانیان کەچ بکەن،هەردەسەلاتێکیش دوودڵی وگوومان ودەستخەڕەۆی لەمافەکانی هاوولاتیان وگەل وجەماوەری خۆی بکات نیشانەی ڕووخانی پردی متمانەووهەڵدێری دەسەلاتەکەی دەبێت